ئیسرائیل هێرشی ئاسمانی بۆ سەر دامەزراوە و شوێنەکانی سەر بە حیزبوڵای لوبنانی ئەنجامدا

سوپای ئیسرائیل بەیانی ڕۆژی سێشەممە (31ـی تشرینی یەکەمی 2023) ڕایگەیاند کە هێرشی ئاسمانی دەستپێکردووە بۆ سەر دامەزراوە و شوێنەکانی سەر بە حیزبوڵای لوبنانی لە باشووری لوبنان.

سوپا ئیسرائیل ڕایگەیاند کە فڕۆکە جەنگییەکان هێرشیان کردە سەر ژێرخانی حیزبوڵا لە خاکی لوبنان و جێختی کردەوە کە لەنێو ئەو ژێرخاناندا هێرشیان کراوەتە سەر چەک و ئەو شوێنانەی کە بەکاریان هێناوە تێکشکێنراون.

ئێم ڕاگەیاندنە لە کاتێکدا دێت کە سنووری نێوان لوبنان و ئیسرائیل بە ماوەی سێ هەفتە شایەتی ئاڵوگۆڕی بەردوومانەکانی نێوان حیزبوڵا و ئیسرائیل بووە، دوای دەستپێکردنی شەڕ و پێکدادانەکانی کەرتی غەززە، لەنێوان حەماس و سوپای ئیسرائیل لە (7ـی تشرینی یەکەمی 2023)، کە بووە هۆی کوتنەوەی هەزاران قوربانی لەنێوان هەردوولا.